کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ۴۵۱- مانگی پووشپە ڕی ۱۴۰۳- ژولای ۲۰۲۴



## ناڕەزایەتی هەڵسووڕاوانی کرێکاری وخانەنشینان دژ بە سزای لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی

ل ۲





## زیندانیانی سیاسی، پێشەنگانی خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و چەوسانەوەلەڕێدایە

ل ۳



## سەرکەوتنی جەماوەر لە بایکۆتی هەڵبژاردندا

ل ۴



## شۆڕش تاکە ڕێگایە بۆ کۆتایی هێنان بە گەندەڵی جێگیر لە حکوومەتی ئیسلامیدا

ل ۵




## گرنگی پەرەسەندنی بزووتنەوەی داواکاری تەوەر لەسەر بەستێنی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»

ل ۷



## سەرلێشێواوی ستراتێژی، ململانێی باندە حکوومەتییەکان، پێشرەوی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە

ل ۸

## سەروتار

### قەیرانی ئیدئۆلۆژی سەرباری هەموو قەیرانەکانی حکومەتی ئیسلامی

ڕێوڕەسمەکانی ماتەمینی شیعەکان لە مانگی موحەڕەمدا، جارێکی دیکە باس لە ئاییندارى یان دوورکەوتنەوە لە ئایینی لە کۆمەڵگای ئێراندا گەیاندۆتە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و تەنانەت بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامیش. هەموو ئەو باسانەی کە لەم بوارەدا هاتوونە ئاراوە، لەلایەن ئەو کەسانەوەیە کە خۆیان باوەرمەندی ئیسلامین و زۆر بە بەداخەوە باسی ئەم دیاردەیە دەکەن و نیگەرانی خۆیان لەوە ناشارنەوە کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری وەها دۆخێکە کە بە سەر ئائینی ئیسلام دا هاتۆە بۆ نموونە "سەعید حەجاریان"، یەکێک لە دامەزرێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێک لە تیۆریستەکانی ڕەوتی بەناو ڕیفۆرمخواز، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیعتماد دڵی، "بێباوەڕبوون بە خودا لە ئێران خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی گشتگیر". عەلیڕەزا پەناهیان، ئاخوندێکی توندڕەو و یەکێک لە وتاربێژانی بەیتی عەلی خامنەیی، لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی "مانگی من" لە تەلەفزیۆنی فەرمییەوە، دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە دین پشتڕاست کردەوە و وتی: "ئەم دۆخە چیتر تەحەمول ناکرێت، ناکرێ ئێمە تا ئەم ڕادەیە شاهیدی دوورکەوتنەوە لە ئایین لە کۆمەڵگادا بین." حەمید پارسانیا ئەندامی شۆڕای باڵای شۆڕشی فەرهەنگی، لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمیی عەلی خامنەیی، دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: "ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بابەتەوە ئەنجام دراون بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە ئایین و ئاییندارى لە ئێراندا هەرگیز بەو ڕادەیە ڕوو لە کزی نەبووە". سەدیقە وەسمەقی ئیسلامناس، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئینساف نیوز، باس لە هۆکاری ئەم دیاردەیە دەکات و دەڵێت: "لە هەر شوێنێک ئایین تێکەڵ بە دەسەڵاتی سیاسی بێت، ئەمە ئاکامەکەیەتی. هەموو ئەوانەی کە لە سیاسەتەکانی وڵات ناڕازی دەبن، لەگەڵ ئیدئۆلۆژیش ناتەبا دەبن." عەباس عەبدی، ستوون نوسی ڕۆژنامەی ئیعتماد، دەنووسێت: "ئامارەکان و ئەوەش وا بەرچاو دەکەوێت،

درێژە لە لاپەڕەی ۲

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥١- مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣- ژوولای ٢٠٢٤

## دریژه ی سەروتار

ئاماژەن بۆ ڕەوتی ڕوو لە کەمبوونەوەی چوون بۆ مزگەوتەکان، ڕۆژووگرتن، کەمتر بوونەوەی دانی خومس و ناونانی نائایینی مندالان." ناوبراو لە وەڵامی نەیارانی ئەم بۆچوونەدا دەڵێ، "ئەوانەی ژمارەی بەشداربووانی مەراسیمی ئەربەعین و گەشتکردن بۆ مەشهەد و جەمکران وەک هۆکار بۆ نکۆڵی لەو ڕەوتە دەهێننەوە، تەنیا بابەتە لاوەکییەکان دەبینن و چاویان لە حاند ڕەوتی ئاشکرای ڕوو لە کەمبوونەوەی ئایینداری لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا، دەبەستن واقیعییەت ئەوەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران، لە زۆر لایەنەوە پرۆژەیەکی شکستخواردووە، دیارترین نیشانەی ئەم شکستە لە بواری ئیدئۆلۆژیدایە. هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا بوونەتە بڵقی سەرئاو. ماوەی ٤٥ ساڵ زاڵبوون بەسەر بواری پەروەردە و گۆڕینی قوتابخانەکان بۆ ناوەندی پەروەردەی ئایینی و خوڕافات، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە، بەجۆرێک کە ئەمڕۆ دوورکەوتنەوە لە ئایین لە نێو گەنجاندا بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئێستای ئێران. بڵاو کردنەوەی نیو ملیون مەلا بە سەرتاسەری ئێراندا کە ئەرکی پاراستنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی شیعەیان لە ئەستۆیە ، نەک هەر یارمەتیدەر نەبوون بۆ قووڵکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی، بەڵکوو نەفرەت و بێزاری لەم ڕژیمەیان قووڵتر کردووەتەوە و بوونە هۆی دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕی ئایینی.

بە هەموو ئەوانەشەوە نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە تاکو ڕزگاربوونی کۆمەڵ لە کۆت و بەندی بیروباوەڕی ئایینی لە ئێران، هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژمان لە بەرە؛ ئەگەر چی کاری وشیاریدەرانە و شیکاری زانستی بۆ وڵامی پرسیارە گرینگەکان؛ ئەو پرسیارانەی کە بیری ئینسان بە خۆیەوە مەشغوڵ دەکات گرینگە، بەڵام تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کاریگەریان دەبێت لە سەر دوور خستنەوەی ئینسان لە باوەری ئائینی. ڕزگاربوونی مرۆڤەکان لە دیلێتی ئەم باوەڕانە لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا، تەنیا کاتێک مومکین دەبێت کە بارودۆخی ماددی ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت و ئەو هێزە سروشتی و کۆمەڵایەتیانەی کە مرۆڤ لە ترسیان پەنا بۆ ئایین دەبات، بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤەوە لەپێناوی گەیشتن بە وەها ئامانجێکە کە ویستی جیایی دین لە دەوڵەت دێتەئاراوە. وەدیهاتنی خواستی جیایی دین لە دەوڵەت، ئەم ئامرازە فریوکارانەیە لە دەستی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان دەردەهێنێت. جیایی دین لە دەوڵەت واتە هەڵوەشاندنەوەی بێ ئەملاو ئەولای هەر چەشنە ئیمتیاز و جیاکارییەک لە پیشە دەوڵەتییەکان و مافی تاکەکان بەپێی ئایین و پێگەی ئایینی ئەوان، یان باوەڕمەند بوون یان نەبوونیان بە ئایین، واتە هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە یارمەتییەکی دارایی و هتد، لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ چالاکی و دامودەزگا ئاینیەکان، واتە هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی فێرکاری و داب و نەریت و ڕێوڕەسمی ئایینی لە قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییە دەوڵەتییەکان، واتە هیچ ئایینێک وەک ئایینی فەرمی نەناسرێت و ئایین وەک بابەتی تایبەتیی تاکەکان دادبنرێت و هەر تاکێک ئازاد بێ لەوەی کە ئایینی ببێت یان نەیبێت. "جیایی دین لە دەوڵەت" دروشمێکە، هاوکات گوزارشت دەکات لە پابەندبوونمان بە پرەنسیپەکانی ئازادی بێ شەرت و مەرجی بیروباوەڕ. واتە جەخت لەسەر ئەو پرەنسیپە دەکاتەوە کە کۆمۆنیستەکان چ وەک ئۆپۆزسیۆن و چ لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بە توندی دژی پەنابردنە بەر ئیجبار و زەخت و زۆر و لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕ و هەروەها پێکهێنانی هەڵاواردن و سنووردارکردنی یاسایی بەرامبەر بە مرۆڤە ئایینییەکانن و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی لە کۆمەڵگادا، جگە لە خەباتی تیۆری و ڕۆشنگەری و پەروەردە و ڕازیکردن، هیچ شێوازێکی تر بەکار ناهێنن

****

## ناڕەزایەتی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی و خانەنشینان دژ بە سزای لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی



ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی پووشپەڕی ١٤٠٣، خانەنشینانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کیشوەری، فولاد و بەشی پەیوەندییەکان، لە شار و پارێزگا جۆراجۆرەکان، لەوانە تاران، کرماشان، ئەهواز، شووش، مازەندەران و خوزستان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد. بەشێک لە دروشمەکانی ئەو کۆبوونەوانە وەک هەمیشە لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە بارودۆخی ژیانی خانەنشینان بوو، کە بریتی بوون لە: گرانی، هەڵاوسان، ئافەتی ژیانی ئینسان، زوڵم و ستەم کافییە، سفرەکەمان خاڵییە، نەمێنێ بەندەگی، بژی زیندەگی و ئازارمان ئازارتانە، جەماوەر پێمانەوە پەیوەست بن. بەڵام هاوکات دروشمگەلێکیش بەرزکرانەوە کە ڕەنگدانەوەی دەنگی ناڕەزایەتی خانەنشینان بوو بەرامبەر بە دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی گەندەڵ. هەروەها لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە، ئاماژە بەوە کرا کە گۆڕینی تاکە مۆرەیەک لەم پێکهاتەیەدا، ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ویست و داواکارییەکان بێت، مەگەر ئەوەی کە ئێمە خانەنشینان لەسەر پێی خۆمان بوەستین و بە پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆمان، داواکارییەکانمان دەستەبەر بکەین. هەڵبەت دروشمەکان تەنیا لەو ئاستانەدا سنووردار نەبوون، بەڵکوو خانەنشینان کۆمەڵێک دروشمی سیاسیشان بەرز کردەوە و خوازیاری ئازادیی کرێکاران و مامۆستایانی زیندانی بوون. خەباتکارانی بوێر، لەو ڕۆژەدا بە دیاریکراوی لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی خانەنشیناندا خوازیاری ئازادی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاریی بوون. هەروەها ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، ڕێکخراوە دیموکراتیک و ئازادیخوازەکان و کەسایەتییە خەباتکارەکانیش، حوکمی لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی هەڵسووڕاوی کرێکاریی ئازادیخوازیان ئیدانە کردووە و خوازیاری ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی ناوبراو بوون. سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، گروپی یەکێتی خانەنشینان، کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و کرێکارانی خانەنشینکراوی خوزستان، ڕۆژی شەممە ١٦ی پووشپەڕ لە ڕاگەیەندراوێکدا نووسییان: سەرجەم ویژدانە وشیار و ئینسانە ئازادیخوازەکان و هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان، سزای لەسێدارەدان لە دژی شەریفە محەممەدی و هەر ئازادیخوازێکی تر، ئیدانە دەکەن و لەپێناو ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ستەمکارانە لە زینداندا ڕاگیراون، لە هیچ هەوڵێک درێغ ناکەن

مەحمود ساڵحی، یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، کە نەشتەرگەری بۆ کراوە و لە نەخۆشخانە خەوێندراوە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیۆ پەیامی کانەدا، بۆ دیفاع لە «کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان»، وێڕای ئاماژە بە پێشینەی چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە، وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ، ئاشکرا و یاسایی، ناوی برد و دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ شەریفە محەممەدی بە تۆمەتی ئەندامبوون لەم ڕێکخراوەی، وەک هەوڵێک بۆ چاوترسێن کردنی چالاکانی کرێکاریی زانی و ئیدانەی کرد. ناوبراو لەم وتوویژەدا خوازیاری ئازادی خێرا و دەستبەجێی شەریفە محەممەدی و کۆتایی هێنان بە گوشارەکانی سەر چالاکانی کرێکاریی بوو. ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕ، کۆمەڵێک چالاکوان

درێژە لە لاپەڕەی٣

## درێژەی لاپەڕەی ٢

لەژێر ناوی «بۆچوونی شۆڕایی» لە دەرەوەی وڵات لە ڕاگەیاندنێکدا وێڕای ئیدانەکردنی سزای لەسێدارەدانی شەریفە، ئەم هەڵسووڕاوە شێلگیر و خۆشناوە کرێکارییە، خوازیاری ڕێکخستنی کەمپەینێکی جیهانی بوون بەمەبەستی ئازادکردنی بێ شەرت و مەرج و خێرای ناوبراو. ئەوان جەختیان لەوە کردووەتەوە کە پێویستە ئەو کەمپەینە لە جەرگەی خەبات بۆ ئازادکردنی سەرجەم زیندانیانی سیاسیدا بەڕێوە بچێت.
ڕێحانە ئەنسارینەژاد، چالاکی کرێکاری لە بەندیخانەی ئێڤین، ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی پووشپەڕ، سەبارەت بە حوکمی زاڵمانەی لەسێدارەدان بۆ شەریفە محەممەدی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی بەیاننامەکەدا وتی: دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ شەریفە محەممەدی چالاکی کرێکاریی، لە لایەن بێدادگایەک لە شاری ڕەشت لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا، پەیامێکی ڕوونە بۆ کرێکاران، ژنان، هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و سەرجەم خەڵکی ئێران. گرنگ نییە ناوی چ کەسێک لە سندووقەکەیان وەک سەرۆک کۆمار دەربهێنن، ڕێکار هەمان ڕێکاری چل و شەش ساڵەی کۆماری ئیسلامییە، واتە دیفاع لە بەرژەوەندی سەرمایەداران و سەرکوتکردنی بەردەوامی کرێکاران.
لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: «شەریفە محەممەدی کرێکارێکی داواکارە. ئەو بە هۆکاری ژن بوون و پاشخانی کرێکاریی بنەماڵەکەی و هەستکردن بە ڕەنج و ئازاری کرێکاران و ژنانی هاوشێوەی خۆی، بەردەوام خوازیار و خولیای دادپەروەری بووە». تاوانی ناوبراو ئەوەیە کە بوێرانە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی خۆی و هاوچینەکانیدا تێکۆشاوە. تاوانی ئەو ئەوەیە کە چەند کرێکارێک لە کوردستان دەناسێت و ئەوان بە هاودەردی خۆی دەزانێت. ناوبراو سەردەمێک ئەندامی کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بووە". بەیاننامەکە بەمجۆرە کۆتایی پێدێت: ئەگەر ئەندامبوون لە کۆمیتەی هەماهەنگی نموونەی «بەغی» یان چالاکی چەکداری بێت، کەوایە ئەوە بۆ منیش وەک ئەندامێکی ئەو کۆمیتەیە ڕاستە! کۆتایی بهێنن بەم سیناریۆ گاڵتەجاڕانەیە. تاوانی شەریفە محەممەدی، کرێکار بوون و بە تەندروستی ژیانە. شەریفە محەممەدی دەبێ دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرج ئازاد بکرێت. خانەنشینانی خەباتکار، کە بەشێکی چالاک، شێلگیر و ئومێدبەخشی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»ن، بە زیادکردنی دروشمی «شەریفە محەممەدی دەبێ ئازاد بکرێت» بە دروشمەکانی تر، بوون بە یەکێک لە پێشەنگانی کەمپەینی ئازادی شەریفە و باقی زیندانیانی سیاسی دیکە

****

# زیندانیانی سیاسی، پێشەنگانی خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و چەوسانەوە




ڕۆژی سێشەممە ١٩ی پووشپەڕ، ١٦ زیندانیی سیاسی ژن، لە نامەیەکی کراوەدا، حوکمی لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی، چالاکی کرێکاریی خۆشناو و ئازادیخوازیان مەحکووم کرد و جەختیان لەوە کردەوە کە لە پەنای سەرجەم ئەو کەسانەدا ڕاوەستاون کە مەترسی حوکمی لەسێدارەدانیان لەسەرە و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانن و نووسییان: ئەمە نە تەنیا حوکمی لەسێدارەدانی شەریفە نییە، بەڵکوو حوکمی لەسێدارەدانی سەرجەم ئێمە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی، سیاسیی، مەدەنی، مافی مرۆڤ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنانە. ئێمە ئەم حوکمە بە مەترسییەکی جددی و سەرتایەک بۆ دەرکردنی سزای قورس لە داهاتوودا دەزانین. لە نێو ئەو زیندانییە سیاسیانەدا، کە ئاڵای خۆڕاگرییان لە زیندانەکاندا بەرزکردۆتەوە، ناوە ناسراوەکانی سپیدە قولیان، گۆڵڕوخ ئیرایی، نەرگس محەممەدی و ئەنیشە ئەسدەڵاهی بەرچاو دەکەوێت، ئەو ژنە تێکۆشەرانەی کە ساڵانێکە لە دژی کۆنەپەرستی و ستەم و سەرەڕۆیی زاڵ، خەبات دەکەن و چاونەترسان دیفاع لە مافە پێشێلکراوەکانی زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگا دەکەن. ئەم نامەیە هاوکات بوو لەگەڵ بەیاننامەی زیندانیانی سیاسیی ئەندامی کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لە سێدارەدان». ئەوان لە بەیاننامەکیاندا بەشدارینەکردنی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر لە بەناو هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی بۆ دیاریکردنی جێنشینی «ڕەئیسی»یان، بە شەرعییەت لێ سەندنەوە لە حکوومەتی وەلایەتی فەقیە» زانی و وێڕای «بێ شەرمانە» لەقەڵەم دانی دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ شەریفە محەممەدی هەڵسووڕاوی کرێکاریی، ڕایانگەیاند کە ڕۆژی سێشەممە لە ٩ زیندان، دەست دەکەن بە مانگرتن لە خواردن. ئەو ٩ زیندانە بریتین لە زیندانی ئێڤین (بەندی ٤ و ٦ و ٨ی ژنان)، قەزڵحەسار (بەندی ٣ و ٤)، خورەماباد، زیندانی ناوەندیی کەرەج، تەورێز، خۆی، نەغەدە، سەقز و مەشهەد

زیندانیانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، جگە لە بینینی ڕۆڵێکی کارا و چالاکانە لە بواری خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان، لە بوارەکانی دیکەشدا لەگەڵ ڕێژیم و هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانیدا بەرەوڕوو بوونەتەوە. ئەوان هەروەها لە هەوڵدان بۆ بایکۆتکردنی شانۆی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی حکوومەتی ئیسلامی، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو. هەر لەو پێوەندییەدا، زیندانیانی سیاسی لە ٣٨ زیندان، لە بەیاننامەیەکدا، داوایان لە خەڵک و بە تایبەت لاوان کرد کە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی ڕێژیم بایکۆت بکەن و خۆیان لە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان ببوێرن. ئەوان وتیان کە چوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان، بە واتای درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی ڕژیمێکیە کە بووەتە هۆی ئەستاندنی دەیان هەزار گیانی ئاشق و وڵاتێکی دەوڵەمەندی کردووە بە وڵاتێکی هەژار. لە نێو ئەو زیندانییە سیاسییانەدا، بانگەشەی چەند کەسێکیان، کاریگەری زۆری لەسەر بایکۆتکردنی هەڵبژاردن هەبوو. سپیدە قولیان ڕۆژی ٣ی پووشپەڕ لە نامەیەکدا ڕوو لە هاووڵاتیان نووسی کە دەنگنەدان جۆرێکە لە خۆڕاگریی مەدەنی لەبەرامبەر ستەمگەری دا. ناوبراو هەروەها وتی، خۆڕاگریی مەدەنی لە جۆری دەنگنەدان، دەبێ چالاکانە و بە ئاراستەی گەشە و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی بێت، ئەمەش مومکین نییە مەگەر بە پاراستنی هاوپشتی کۆمەڵایەتی نێوان گروپە جۆراوجۆرەکان و ڕنگدانەوە سیاسییەکەی لە پێناو دەستەبەرکردنی دێموکراسی ڕاستەقینە و ئازادی لە ئێران. گۆڵڕوخ ئیرایی سەبارەت بە بایکۆتکردنی شانۆی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی جێنشینی ڕەئیسی جەلاد، ڕوو بە ڕیفۆرمخوازان نووسی: ئەوان دەبێ بزانن کە ئێمە کۆمەڵانی ئێران، خیانەتەکانی ئەوانمان لە ڕۆژی یەکەمەوە، لەبیرە. کۆمەک کردن بە جێگیربوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و کوشتاری کارەساتباری لاوان لە دەیەی شەست دا، لە ڕۆژگارێکدا کە ئێوەی حیزبوڵڵایی و پەیرەوی خەتی ئیمامییەکان لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوون، هیچکات لەبیر ناکەین. ناوبراو لە بەشێکی دیکەی نامەکەیدا نووسی: شۆڕشی فەرهەنگی و دەرکردن و خانەنشین کردنی خوێندکاران، مامۆستایان، ئەولەویەتدان بە گەمژەیی بە جێگەی شایستەیی، کوشتار، ئەشکەنجە، دەستدرێژی، تۆبە پێکردن و ناچارکردنی زیندانیانی سیاسی بە لێدانی تیری خەلاس لە هاوڕێکانیان لە زیندانەکانی دەیەی شەست و قەتڵە زنجیرەییەکانمان لەبیر نەکردووە کە لەلایەن ئێوە و دەست و پێوەندەکانتان لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ژێر کاریگەری ئێوەدا، ڕوویاندا

نێرگس محەممەدی، چالاکی مافی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، ڕۆژی شەممە ٢ی پووشپەڕ، لە بەیاننامەیەکدا لە زیندانی ئێڤینەوە ڕایگەیاند کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا بەشداریی ناکات. ناوبراو وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە تاکە ئامانجی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دیکە لە وڵاتدا، « بریتییە لە پتەوکردنی دەسەڵات و سەرەڕۆیی خۆی»، وتی کە بەشداریی هەڵبژاردنی نایاسایی حکوومەتی سەرکوتگەر و ناشەرعی ناکات. بە وتەی ئەو هەڵسووڕاوە ناسراوەی مافی مرۆڤ، مەبەست لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەلایەن حکومەتێکەوە «کە پشت بە سەرکوت و تیرۆر و توندوتیژیی دەبەستێت وەک تاکە ئامراز بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی، نەک بۆ ڕێزگرتن لە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵکوو بۆ پتەوکردنی هەرچی زیاتری دەسەڵات و سەرەڕۆییە. ئەکت و کرداری خەباتکارانەی زیندانیانی سیاسی و بە تایبەت ژنانی بەندکراو لەم ڕۆژانەدا کە ڕێژیم گرتن و پەروەندەسازیی لە دژی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی بەرادەیەکی زۆر پەرەپێداوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم زیندانیانە کە لە کەشوهەوای خەباتکارانەی کۆمەڵگا وره و هێز وەردەگرن، بەش بە حاڵی خۆیان کەشی خەباتکارانەی ناو کۆمەڵگا بەهێزتر دەکەن. ئەوان ئەمڕۆ وزەبەخشی کەشی خەباتکارانەی کۆمەڵگان و سبەی ڕۆژیش کە قوفڵی زیندانەکان دەشکێن، بە پانتایی هەموو ئێران، ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن

****


# سەرکەوتنی جەماوەر لە بایکۆتی هەڵبژاردندا

بەرەو پەرەپێدان بە بزووتنەوەیەکی شێلگیر و هەمەلایەنەی داواکاریی تەوە ڕژیمی ئیسلامی، ڕۆژی هەینی ١٥ی پووشپەڕ، لە خولی دووهەمی شانۆی هەڵبژاردنەکەیدا، یەکێک لە بێ ڕەونەقترین بەناو هەڵبژاردنی لە ژیانی ٤٥ ساڵەی سیاسی خۆیدا بەڕێوە برد. لەم پرۆسەیەدا بە پێی ئەنجامە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکان، «مەسعوود پزیشکیان» وەک جێنشینی ڕەئیسی و سەرۆک کۆماری داهاتووی ئێران دیاریکراوە. گومان لەوەدا نییە کە لە هیچ بوارێکدا و بە تایبەت لە پرسی هەڵبژاردندا هەرگیز ئاماری واقیعی لە زمانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نابیستین. واقیعییەتی ڕێژەی بەشداریکردن دەبێ لەو چۆڵی و بێدەنگییەی کە بەسەر ناوەندەکانی دەنگداندا زاڵبوو، ببینرێت، واقیعییەت دەبێ لەوەدا ببینرێت کە تەنانەت ئامارە ساختە و دەستکاریکراوەکانیش نەیانتوانیوە ڕێژەی بەشداریکردن لە گەڕی یەکەمدا زیاتر لە ٣٨٪ و لە گەڕی دووەمدا کەمێک زیاتر لەو ڕێژەیە ڕابگەیەنن. واقیعییەت دەبێ لە گلەیی و گازندەی خامنەیی لە ڕۆژگار، لەوەی کە بۆچی خەڵک بەوجۆرە پشتیان لە سندووقەکانی دەنگدان کردووە، ببینرێت. هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ کەمی ڕێژەی بەشداریکردن و دەنگە پووچەکان دەریدەخات کە ئەم شانۆی هەڵبژاردنە، لەڕاستیدا وەک ڕیفراندۆمی، «نا»یەکی لێبڕاوانە بوو بە بوونی کۆماری ئیسلامی و جەماوەر لەم نەبەردە دا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەم نێوەندەدا خەڵکی کوردستان بە بەشدارینەکردنی لێبڕاوانەی لەم گاڵتەجاڕەدا، بەشێکی زۆری ئەم سەرکەوتنەیان بە ناوی خۆیان تۆمار کرد و جارێکی دیکە «نا»ی لێبڕاوانەی خۆیان بە دەنگێکی بەرزتر بە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. یەکدەنگی خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا هێمایەکی تر بوو لە زیندوو بوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان. جەماوەری خەڵک بە بەشداری نەکردن لەم گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەدا، بە هەموو خەڵکی جیهانیان نیشان دا کە ئەم دەسەڵاتە هیچ شەرعیەتێکی نییە و تەنیا بە زەبری زۆر و سەرکوت، خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ڕیفۆرمخوازانی دوورخراوە لە دەسەڵاتەوە هەیە، کە ئێستا بەپێی «بەرژەوەندی نیزام» کاندیدەکەیان کە بە وتەی خودی ئەو «قاڵبووی ناو وەلایەتە»، سەری لە سندووقی دەنگدان دەرهێناوە، هەر ئەو پرۆسەیە بەرەوپێش دەبەن کە لە ڕابردوودا وەک پێشخزمەتێک بەرەوپێشیان بردبوو. لە ڕاستیدا داهاتووی سیاسی ئێران ئەوان دیاری ناکەن، ئەرکی ئەوان یارمەتیدان بە مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامییە کە ئیتر کار لەکار ترازاوە و ئەوان تەنیا «ئابڕووی خۆیان دەبەن و ئێمە دەخەنە ڕەنج و زەحمەتەوە».

ئاخێزی سەرتاسەری بەفرانباری ٩٦ وەک خاڵێکی وەرچەرخان، کۆتایی بە هەژموونی گوتاری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بەسەر کەشوهەوای سیاسی ئێراندا هێنا. تا ئەو کاتە، زیاتر لە ٢٦ ساڵ بوو کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی هەوڵیان دەدا خەبات لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی و یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکاندا بکەن بە بەستێنی سەرەکی نارەزایەتی لەدژی دۆخی هەبوو. ئەوان بەڵێنیان بە خەڵک دەدا کە دەتوانن لە چوارچێوەی هەمان یاسای بنەڕەتی و بە هەمان پێکهاتەی حکوومەتیی پشتبەستوو بە وەلایەتی فەقی و شۆڕای نیگەهبان و هتد، چاکسازی لەم ڕژیمەدا بکەن. بەڵام بینیمان کاتێک کە هاتنە سەر کار، هەروەک چاوەڕوان دەکرا، خەڵک نەک هەر بە ئازادی و خۆشگوزەرانی زیاتر نەگەیشتن، بەڵکوو هەمان ڕێگەیان درێژە پێدەدا کە وەلی فەقی بۆی دەستنیشان دەکردن. قەتڵە زنجیرەییەکان لە سەردەمی حکوومەتی خاتەمیدا ڕوویانداو ژمارەی ئێعدامەکان لە سەردەمی ڕۆحانیدا ڕیکۆردی شکاند. هەڵاوسانی دوو ڕەقەمی و دزی و گەندەڵی لەڕادەبەدەر، هەر لەو ماوەیەدا پەرەی سەند و لە سەردەمی ڕەئیسی دا بەردەوام بوو. ئاخێزی مانگی بەفرانبار، ستراتێژ و گوتاری ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی تێکشکاند و شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» ڕێگای دەربازبوونی لەو بازنەی بێ ئاسۆییە نیشان دا کە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت پێکیان هێنابوو

واقیعییەت ئەوەیە کە پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، کە لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمدا کۆکراوەتەوە، لەسەر بنەمای زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک دامەزراوە. بڕبڕەی پشتی ئەم یاسایە «ئەسڵی وەلایەتی موتڵەقەی فەقی»یە. ئەسڵێکی کە دەسەڵاتێکی ڕەها دەدات بە وەلی فەقی و سەرجەم ئەو ئۆرگانانەش کە بە ڕواڵەت هەڵدەبژێردرێن، ئۆرگانێکی بێدەسەڵات دەبن کە کاریان تەنها بریتییە لە ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی ڕێژیمی ئیسلامی. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی سەرەڕۆی وەلایەتی فەقی، شتێک نییە جگە لە درێژە پێدانی توندوتیژ تر و وحشیانە تر و دواکەوتووانە تری ئەو دەسەڵاتە پاشایەتییە دوو هەزار و ٥٠٠ ساڵەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەر لە شۆڕشی مەشرووتەخوازانەوە تا شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و هەتا ئێستاش، هەوڵیانداوە و هەوڵدەدەن کە خۆیان لە دەستی ڕزگار بکەن و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەدەست بهێنن. ئاشکرایە کە ئەم ئامانجە لە ناو سندووقەکانی دەنگدانی ژێر دەسەڵاتی وەلایەتی فەقی و سپای پاسداراندا بەدی نایەت. بەبێ تێکشکاندنی دام و دەزگاکانی سەرکوت و بەبێ لەکارخستنی هەیکەلی برۆکراتیکی دەوڵەتیی لەڕێگەی خەباتێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی بەربڵاوەوە و هەروەها تێکشکاندنی دەسەڵاتی موتڵەقەی وەلایەتی فەقی بە شۆڕشێکی جەماوەریی، ناتوانرێت ڕێگای پێکهاتنی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا خۆش بکرێت. کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران، نەک ڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازیی لە ڕێگەی ئەم یاسا بنەڕەتییەی ئێستاوە، وەک بەشێک لە ڕیفۆرمخوازانی دوورخراوە لە دەسەڵات خەیاڵ دەکەن، بەڵکوو ڕێگای شۆڕشێکی جەماوەرییان گرتووەتەبەر. ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەر دەتوانرێت لەسەر وێرانەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی سەرەڕۆی مەزهەبی بنیات بنرێت

ئەو شتەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەیانەوێت بریتییە لە: کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و بەدوور لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوەیەک. کۆمەڵگایەکی بەدوور لە هەڵاواردنی جنسییەتی و ڕەگەزیی کە تیایدا ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی بوونی هەبێت، خەڵک ئازاد بن کە خۆیان ڕێکبخەن، یەکێتی و ئەنجومەن و ڕێکخراوە سنفی، سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی خۆیان هەبێت. ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی خۆیان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا، هەر لە کارگە و کارخانەکانەوە بگرە تا ئیدارە و گەڕەک و قوتابخانەکان، شار و گوند و هەتا پارێزگاکان و سەرتاسەری وڵات، ڕێک بخەن و ئازادیی ڕاستەقینە و نیزامێکی دێموکراتیک بەکردەوە جێگیر بکەن. بەرابەری مافی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا، نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و فەرهەنگی و بەتایبەت مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان، دابین بکرێت. بەڵام سیستەمێکی حکوومەتی لەم چەشنە، ناتوانێ بە بەردەوامی و سەقامگیری بمێنێتەوە، مادام کە گەشەی ئابووری و فراوانبوونی پێداویستییە ماددی و فەرهەنگییەکانی مرۆڤەکان و سەرەنجام یەکسانی و خۆشگوزەرانی لە ژیانی سەرجەم دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایەی تێدا دەستەبەر نەکرێت. خەڵک «نان، کار، ئازادی» و بەدیهێنانی هەمەلایەنە و بێ ئەملاو ئەولای ناوەڕۆکی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان دەوێت، ئەم کۆمەڵە داواکارییە جەماوەرییە، لە سندووقەکانی دەنگدانی ڕژێمێکی سەرەڕۆی مەزهەبی کە لەلایەن باندە مافیاکانەوە بەڕێوەدەبرێت، چاوەڕوان ناکرێت. ئەوەی کە پێویستە لە سبەی ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی ئەم شانۆی هەڵبژاردنەوە بە بەردەوامی هەوڵی بۆ بدرێت، بریتییە لە پەرەپێدان بەو بزووتنەوە بەرینە داواکاری تەوەری کە ویست و داواکارییەکانی، تەنانەت لە ئاستی بەڵێنیشدا لە دیبەیتەکانی هەڵبژاردن و تەنانەت لە قسە و باسەکانی پزیشکانیش دا کە خۆی بە ڕیفۆرمخواز ناو دەبات، هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نەبوو. بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان، خانەنشینان، پەرستاران، مامۆستایان، پەراوێزنشینان، خوێندکاران و نەتەوە ستەملێکراوەکان، دەبنە مێحوەری پێشهات و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو لە ئێران. لە ڕەوتی وەها نەبەردێکی بەردەوام و بێ پسانەوەدایە کە وشیاری و ڕێکخراو و ڕێبەرییش، شکڵ دەگرێت



****

# شۆڕش تاکە ڕێگایە بۆ کۆتایی هێنان بە گەندەڵی جێگیر لە حکوومەتی ئیسلامیدا

ڕەهەندەکانی گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە بەربڵاو و شێوازەکانی هێندە فرەچەشنن کە هاوشێوەکەی لە کەمتر شوێنێکی جیهان دەبینرێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی گەندەڵی ناوخۆییەوە، لە زومرەی گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهانە. گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە و بووەتە هۆی پەرەسەندنی نادادپەروەری و هەژاری و دیاردە نائاساییە کۆمەڵایەتییەکان. دزییە ملیارد دۆلارییەکانی باڵاترین کەسانی نزیک لە بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات، کە هەرچەند جارێک لە ئاکامی ململانێی نێوان داروودەستەکانی ناوخۆی حکوومەتدا گۆشەیەکیان لێ ئاشکرا دەبێت، بووەتە فۆرمێکی باو و ناسراوی گەندەڵی دارایی لە کۆماری ئیسلامیدا. گەندەڵی کارگێڕی و دارایی لەم وڵاتەدا نەک هەر سێکتەرە دەوڵەتی، ئابووری و جێبەجێکارییەکان، بەڵکوو سەرجەم بوارە وەرزشی، تایبەتی و ناحکومییەکان و تەنانەت هونەر و سینەمای فەرمیشی گرتووەتەوە. ئەم ڕاستییە خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕزین و لەکارکەوتوویی ئەم نیزامە. کار گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت شەخسی خامنەییش دان بە بەربڵاوبوونیدا دەنێت. ناوبراو لە دوایین قسە و باسەکانی لەگەڵ ئەندامانی کابینەی پێشووی ڕەئیسی، گلەیی لەوە دەکات کە بۆچی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک بەم شێوەیە تێکچووە و بە وتەی ئەو، خەڵک لە ڕژێم تووڕەن. خامنەیی هەروەها دەڵێت: «هەرچییەک دەبینین، لە دەستی نووری دیدەکانی دەوریبەری خۆمان دەیبینین». ئەڵبەتە ئەو بە ئەنقەست خۆی لە نەفامی دەدات لەوەی کە میکانیزمی هێشتنەوەی کەسانی دەوروبەری ڕژیم و تەنانەت میکانیزمی تێپەڕدانی ئاتەش بە ئیختیارەکان لە ژیانی خەڵک، ئاواڵە کردنی دەستی ئەو تاقمەیە بۆ ئەوەی بە مەیلی خۆیان تاڵانچێتی بکەن. کاتێک خەنەی ئیدئۆلۆژی و باوەڕ بە پاداشتی ئەو دونیای تر لە لای نزیکان و کەسانی دەوروبەریی ڕژیم هیچ ڕەنگی نەماوە، لەم حاڵەتەدا هەموان چاوچنۆکانە هەوڵدەدەن بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕابردوویان و بۆ ئەوەی هەر لەم دونیایەدا بەهەشتێک بۆ خۆیان بنیات بنێن، هەر چییەکی کە دەستیان کەوت تاڵانی دەکەن چاوخشاندنێک بە مێژووی چەند دەیەی ڕابردوودا دەریدەخات کە بابەتی ئەو دزی و تاڵان و بڕۆ بێ وێنە و سەروەت و سامانە زۆر و زەوەندی کە بە بەهای پەرە پێدان بە هەژاری و لەناوبردنی ژیانی ملیۆنان کەس لە جەماوەری بێبەش، گیرفانی تاقمێک لە بەرپرسانی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیی پڕ کردووە، بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری و پەیوەندیی کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لەو نیزامە، لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتدارێتی ئەم سیستەمەدا ئاوێتە بووە. بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان و داروودەستەکانیان بەبێ



جیاوازی، بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازات و دەسەڵاتی دەوڵەتی، لە دۆخێکدا کە بەهۆی بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی بەتەواو مانا و هەروەها بوونی سیستەمێکی گەندەڵی دادوەری، ئیمکانی هیچ چەشنە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەک نییە، بە جۆرێک دەستیانداوەتە دزی و تاڵان و بڕۆی سەروەت و سامانی وڵات و تاڵانکردنی موڵک و ماڵی گشتی و بەرتیلخۆری و ڕانتخۆری و هتد، کە بە دەگمەن هاوشێوەکەی لە جیهاندا دەبینرێت. لە مێژووی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا، دەیان هەزار گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتی ڕوویانداوە و زۆربەشیان لەلایەن بەرپرسانی حکوومەت، فەرماندەکانی سپا، ئاخوندەکان، یان بە پشتیوانی ئەوان بەڕێوە چووە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەرپرسانی ناو بازنەی سەرەکی دەسەڵات، ئاخوندەکان و سیستەمی گەندەڵی دادوەری، یان ڕاستەوخۆ دەستیان لەم گەندەڵیانەدا هەبووە، یان لە ئاست ئەو جینایەتەدا بێدەنگ بوون، بەڵام لە ئاست دەرکەوتنی چەند تاڵێک لە قژی ژنان هاواریان گەیشتووەتە ئاسمان و بە شێوەیەکی وەحشیانە بەربوونەتە گیانی ژنان و کچانی ئازادیخواز. سەرچاوەی هەموو ئەو دزی گەندەڵی و بەرتیل خۆرییە بەربڵاوە لە کۆماری ئیسلامیدا، بوونی ئەم سیستەمە کۆنەپەرستانەیە. تا کاتێک ڕژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتدار بێت، کرێکاران و خەڵکی هەژاری کۆمەڵگا، نەک هەر ناتوانن هیچ ئومێدێکیان بە کۆتایی هاتنی ئەم گەندەڵییە جێگیرە و باشتربوونی بارودۆخی ژیانیان هەبێت، بەڵکوو شاهیدی پەرەسەندنی هەژاری و بێکاریی و گەندەڵی بەربڵاوتر دەبن. لەم نێوەندەدا جگە لە کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی ئێران، هیچ کەسێکی تر، ناتوانێت ئەم دۆخە بگۆڕێت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، ئەم ڕێگای نیشان دا، پێویستە تا گەیشتن بە ئامانج و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم شۆڕشە، ئەم ڕێگەیە درێژەی پێبدرێت

****

**پێشــــڕەو**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم علیزادە

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان**

Add:

Sulaymaniyeh - Rizgari st

Tel: 00964-7701567854

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:**

Tel: 0046-738041917

**تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە**

Yahsat 1A 52.5E

Ferq: 12149

SymbolRate: 27500

Fec : Auto

www.tvkomala.com

**ڕادیۆکان**

بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست یاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# خەباتی بێ پسانەوەی کرێکاران لەپێناو زیادکردنی حەقدەستەکان

هێشتا سێ ڕۆژ بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و هێنانەدەرەوەی مەسعوود پزیشکیان لە سندووقەکانی دەنگدان تێپەڕ نەبووە کە کۆبوونەوەی کرێکارانی ناڕازی، لە شارە جۆراوجۆرەکان هاوشێوەی هەفتەکانی ڕابردوو، هەروا بەردەوامە. بۆ نموونە: کرێکارانی پەیمانکاری ئابفای ڕوودبار، لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە وەدواکەوتنی حەقدەستەکانیان بۆ ماوەی ٨ مانگ و نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، ماوەی ١٣ ڕۆژی بەردەوامە کە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، زیاتر لە ٣٠ هەزار کرێکاری پڕۆژەیی لە ١٢٣ ناوەندی سەربە پیشەسازیی نەوت و گاز لە بوشەهر و خوزستان و ئیسفەهان، لە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردانەوە، بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی، خوازیاری زیادکردنی حەقدەست و هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردنی بەربڵاو لە پێدانی حەقدەست و ئیمکاناتی خۆش بژێوی و هەروەها کۆتایی هێنان بە دەستێوەردانی پەیمانکاران لە کار و پیشە کرێکارییەکان بوون. کرێکارانی مانگرتوو لەژێر ناوی «کەمپەینی ١٤-١٤»، خوازیاری زیادکردنی حەقدەست و ١٤ ڕۆژ کارکردن و ١٤ ڕۆژ پشوو و هەروەها نەهێشتنی پەیمانکارانن. بەڵام لەم وەرزە گەرمەی هاویندا، دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کارکردن لە ناوەندە پیشەسازییەکان و ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی لە شوێنی ژیانیش، لە زومرەی چەند داواکارییەکی دیکەن.

لەو ماوەیەدا پەیمانکاران هەوڵیاندا بە دامەزراندنی هێزی کاری نوێ، مانگرتنەکان شکست پێبهێنن، بەڵام کرێکارە بێکارەکان ئامادە نەبوون جێگەی هاوچینەکانیان بگرنەوە و پلانی خاوەنکارەکانیان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردەوە. هاوکات کورتەنامەی هەڕەشەئامێزیان بۆ کرێکارانی مانگرتوو دەنارد، بەڵام نەیتوانی بڕیاری کرێکارانی نەوت بگۆڕن. کرێکارانی خانەنشین لە شارەکانی شووش، ئەهواز، کرماشان، تاران، ئیسفەهان، دامغان، قائیمشار و کرمان، لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە کەمی مووچەی خانەنشینی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و کرێکارانی لەسەرکار دەرکراوی پترۆشیمی ئیلامیش کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوەبرد و خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان بوون. ئەگەرچی ئامانجی هاوبەشی سەرجەم کۆڕ و کۆبوونەوەکان، بریتییە لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە بڕیار و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕەئیسی، بەڵام کرێکاران بەپێی ئەزموونێکی کە لە کارکردنی دەوڵەتە جیاوازەکان هەیانە، متمانەیان بە بەڵێنی سەرخەرمانی کەسانی وەک پزیشکیانیش نییە و دەزانن ئەوەی کە بە خەبات و تێکۆشانی ڕاستەوخۆیان بەدەستی نەهێنن، بەدەست نایەت. لە ڕاستیدا چ لەمپەرێک لەبەردەم خاوەنکارانی شیرکەتە جۆراوجۆرە تایبەتی و شیرکەتە دەوڵەتییەکان و ناوەندە ئابوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداراندا هەیە کە نەتوانن هەر لە ئەمڕۆوە خواستی کرێکاران کە بریتییە لە زیادکردنی حەقدەستەکان، جێبەجێ بکەن و بۆچی دەبێ کرێکاران بۆ ماوەی دوو مانگی دیکەش سەبارەت بەم پرسە گرنگە، سەبر بکەن؟



ڕۆژنامەی ئیعتماد لە ژمارەی ڕۆژی ١٩ی پووشپەڕدا لەم بابەتەوە نووسیویەتی: هۆکاری سەرەکی ناڕەزایەتی کرێکاران لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەوەیە کە بە هۆی زیاد نەکردنی ئاستی حەقدەستەکان پێ بەپێی هەڵاوسانی بەردەوام، ناچار بوون زۆرێک لە هەزینەکانیان بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاری پزیشکی (جگە لەو حاڵەتانەی کە مەترسی مردن لە ئارادا بوویێت)، خزمەتگوزارییەکانی خۆشگوزەرانی وەک (گەشتکردن، کات بەسەربردن، جل و بەرگ، کڕینی کەلوپەل و پێداویستییە فەرهەنگییەکان) و تەنانەت پەروەردە (جگە لە پەروەردەی گشتیی ناچاریی یان خوێندنی باڵا لە زانکۆ دەوڵەتی و بێبەرامبەرەکان)، لە سەبەتەی خەرجییەکانی ماڵەوە لاببەن و بە لابردنی خۆراکە بەسوودەکان بەڵام گرانبەهاکانی وەک گۆشتی سوور و میوە، بە ژیانێکی مەمرە و مەژی قەناعەت بکەن. لەم سێ ساڵەدا، بێتوانایی لە دابینکردنی کرێی خانووبەرە، بە هۆی زیادبوونی بەردەوامی کرێ و هەروەها کەمی حەقدەستی کرێکاران و جێبەجێنەکرانی بەڵێنەکانی سەر کاغەزی دەوڵەتی ١٣هەم سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی شوێنی نیشتەجێبوونی کرێکاران، زۆرێک لە بنەماڵە کرێکارییەکانی ناچار کردووە کە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێبهێڵن و ڕوو لە ناوچە هەرزانترەکان و تەنانەت پەراوێزە زیانبەخشەکانی شارەکان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کرێی ماڵەکەیان کە ٥٠ بۆ ٧٠٪ی هەموو داهاتەکەیان لەخۆ دەگرێت، دابین بکەن. پزیشکیان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەوزیۆنیدا وتی کە دەبێ حەقدەستەکان بەپێی ڕێژەی هەڵاوسان بەرز بکرێتەوە، ناکرێت هەڵاوسان پەنجا لەسەد بێت بەڵام حەقدەست بە ڕێژەی بیست لەسەد زیاد بکرێت. دەبێت کارێک بکەین کە حەقدەست و هەڵاوسان یەکسان بن کرێکاران بەپێی ئەو بەڵێنانەی کە سەرۆک کۆماری نوێ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا داویەتی، خوازیاری زیادکردنی حەقدەستن. پەرەسەندنی ئەم مانگرتنانە هەرلە سبەی ڕۆژی هاتنەسەرکاری پزیشکیانەوە، ئەوە دەردەخات کە خەباتی کرێکاران لەپێناو ویست و داواکارییەکانیان بە تایبەت لە بواری حەقدەستدا، مەسەلەی مەرگ و ژیانە و تا دەستەبەرکردنیان بێ پسانەوە بەردەوام دەبێت. هەڵسووڕاوانی کرێکاریی دەڵێن کە ئەم مانگرتنە بەربڵاوە «گوشارێکی قورسی خستۆتە ئەستۆی پەیمانکاران» و بە دەست لەکارکێشانەوەی ئەم کرێکارانە، کەرتەکانی دیکەی نەوتیش کە بەشداری ئەم ناڕەزایەتییانە نین، تووشی گرفت بوون و هەزینەیەکی زۆری خستووەتە سەر شانی پەیمانکاران. ئەم هەڵسووڕاوانە هەروەها دەڵێن کە یەکگرتووییەکی ناوازە لە نێوان کرێکارانی پەیمانی_ گرێبەستی و کرێکارانی پەیمانی ئەرکانی سالس دا، پێکهاتووە. ئەوان هەوڵ دەدەن بە دروشمی «یەکگرتوویی ڕەمزی سەرکەوتنمانە» هاوسۆزی کرێکارانی فەرمی و بەشەکانی تریش بکەن بە هاوکارییەکی چالاکانە لە مانگرتنەکەدا». بەپێی ڕاپۆرتەکانی شۆڕای ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی پەیمانی نەوت، گوشاری مانگرتنی کرێکارانی نەوت کە تا دێت بەربڵاوتر دەبێت، بەڕێوەبەرانی هەندێک لە شیرکەتەکانی ناچار بە پاشەکشە کردووە، لەمڕووەوە دەیانەوێت بە دانی هەندێک بەڵێنی، ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان مانگرووان‌دا دروست بکەن. بەڵام مانگرتووان بە دروشمی «سفرەی کرێکاران وەک یەکە» و «مانگرتن سەرتاسەرییە»، بەرەوڕووی پەیمانکاران بوونەتەوە. کرێکاران کە پەیمانشکێنییەکانی پێشووی خاوەنکارانیان ئەزموون کردووە، بە شێوەیەکی یەکگرتووانە هەوڵدەدەن هەتا ڕاکێشانی زۆرترین کرێکارانی نەوت و گاز و پتروشیمییەکان و هەروەها پاشەکشە پێکردن بە سەرجەم پەیمانکاران، لەسەر درێژەی خەبات و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانیان بەردەوام بن

****

## لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا

@Komalamedia

@Komala

## ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Tvkomala.com

## ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام

Payaam.net

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥١- مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣- ژولای ٢٠٢٤

# گرنگی پەرەسەندنی بزووتنەوەی داواکاری تەوەر لەسەر بەستێنی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»

ئەوەی لە دوو خولی شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا شاهیدی بووین، دەتوانرێت لە لایەنی جۆراوجۆرەوە شیکاری بۆ بکرێت. بایکۆتی لیبڕاوانەی ئەم گاڵتەجاڕە لەلایەن خەڵکەوە، بەبێ گرنگیدان بە حزووری فریوکارانەی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، بێگومان خۆی لە خۆیدا، سەرکەوتنێک بوو. تەنانەت ئەو دەنگانەش کە بە قازانجی کاندیدی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی خرایە ناو سندووقەکانی دەنگدانەوە، هەرچەندە ئاوێتە بوون بە خۆشباوەڕییەکی زیانبەخش، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری جۆرێک لە مۆرکی نەفرەت و بێزاری بوون بەرامبەر بە خامنەیی و دارودەستەکەی. بەڵام لە لایەکی ترەوە، تەواوی پرۆسەی ئەم بەناو هەڵبژاردنە، هەر لە کوژرانی ڕەئیسییەوە بگرە هەتا دانانی «مەسعوود پزیشکیان» لە جێگای ئەو، نیشانەی قووڵتر بوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانی سیاسییە لەناو چوارچێوەی ئەوەی کە بە « بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات» ناو دەبرێت. ئەوەی کە دەزگای ڕێبەریی، لەلایەکەوە نزیکترین دۆست و نزیکانی تا دوێنێی خۆی، لەخۆی دوور دەخاتەوە و شیاوبوونیان ڕەد دەکاتەوە و بە ئاراستەی یەکدەست بوونی دەسەڵات هەنگاو دەنێت، بەجارێک ستراتێژی خۆی گوم دەکات و بۆ پێشگرتن لە نوقم بوون، پەنا دەباتە بەر بەلەمە شکاوی ئەو «ڕیفۆرمخوازانە»ی کە هەرخۆی لەدەسەڵات دووری خستبوونەوە، دیارترین نیشانەی ئەم قەیرانەیە. ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕووەوە لە ژێر گوشاری بێوێنەدایە. فاکتەرەکانی وەک پەرەسەندنی ناڕەزایەتی گشتی، داڕمانی ئابووری، لەناوچوونی ژینگە، داخرانی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، گەندەڵی بەربڵاو، بەرتەسکبوونەوەی بازنەی دەسەڵات و هەڵوەرینی بەرچاوی ئاستە باڵاکانی ڕژیم، پەرەسەندنی گرژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و هەروەها کەمبوونەوەی بەرچاوی کاریگەری و دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا، کۆماری ئیسلامییان خستۆتە دژوارترین هەلومەرجی ژیانی خۆیەوە

لە وەها هەلومەرجێکدا، زەمینەی بابەتیی بەهێز خوڵقاوە بۆ گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی داواکاری تەوەر. کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەربڵاوی بەخۆیەوە بینیوە. ڕێژیمی ئیسلامی نەیتوانیوە ڕێوشوێن و شێوازەکانی ژیانی خوازراوی خۆی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا بسەپێنێت. شێوازی ژیانی خەڵک گۆڕاوە. ماهوارە، ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، مۆسیقا و هیتر... هاتوونەتە ناو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵکەوە. ڕێگا بۆ چوونی ژنان بۆ ناو یاریگا و مەیدانەکانی وەرزش کراوەتەوە. ئایین بە شێوەیەکی بەرچاو، بە تایبەت لە نێو گەنجاندا کەمڕەنگ بۆتەوە و مزگەوتەکان لە ڕەونەق کەوتوون. فەرهەنگ و هونەر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک مۆسیقا، ئەدەب و سینەما، چوارچێوەی کۆنترۆڵ و سانسۆر و ئایدۆلۆژیای ڕژیمیان تێکشکاندووە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ژمارەی دانیشتووانی ئێران لە سەردەمی حکوومەتی ئیسلامیدا، نزیکەی دوو هێندە و نیو زیادی کردووە. شەپۆلی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەی پەراوێزنشینی لە شارەکان بگاتە زیاتر لە بیست ملیۆن کەس، کە زۆربەیان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشن. پەراوێزی شارە گەورەکان بەهۆی ژمارەی زۆرەی دانیشتوانەوە، بوونەتە ناوەندی پەرەسەندنی زیانە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە بەرچاوە کۆمەڵایەتییەدا، پێکهاتە سیاسی، ئایدۆلۆژی و یاساییەکانی ڕێژیم، لەوانە یاسای بنەڕەتی، شۆڕای نیگەهبان، تۆڕی ئیمام جومعەکان وەک بانگەشەکارانی ڕێژیم و ناوەڕۆکی تەبلیغاتەکانیان و باندی گەندەڵ و سەرکوتگەری سپای پاسداران بەو هێز و دەسەڵاتە نیزامییە بەربڵاوە و دەستگرتن بەسەر هەموو بوارە ئابوورییەکاندا،




وەک پاڵپشتی سەرەکی ئەو دامودەزگایانە، هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە. ئەم جیاوازییە، وایکردووە کە ڕۆژ بەڕۆژ دەسەڵاتداریێتی ڕژێمی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەدا دژوارتر بێت لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی سیاسیی ڕێژیم لەم قۆناغەدا، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دۆخی ئابووری و بژێوی خەڵکەوە هەیە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژینا» لە بواری خەباتی قارەمانانەی ژنان لەپێناو ئازادی جلوبەرگ و لە بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکانی کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران و هیتر...دا، زیندووە و دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی، بەتایبەتی لە بواری بەدەستهێنانی ئەزموون و گەشەی وشیاری و تا ڕادەیەکیش خۆڕێکخستن دا، حاشا هەڵنەگرن. کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان و دانیشتوانی پەراوێزی شارەکان، نەک هەر لە ئاست ئەم گوشارانەی ڕێژیم بەچۆکدا نەهاتوون، بەڵکوو هەر ئێستا لەسەر بەستێنی شۆڕشی» ژن، ژیان، ئازادی»، خەبات و ناڕەزایەتی خۆیان لەپێناو دەستەبەرکردن و ئەستاندنی مافەکانیان لەم ڕژیمە، درێژە پێدەدەن. جەماوەرێکی کە لەژێر گوشارەکانی بژێوی ژیاندا وەگیان هاتوون، هیچ ڕێگایەکی تریان نییە جگە لەوەی کە پێویستە بۆ دەربازبوون لەو دۆزەخەی کە ڕژێمی ئیسلامی دروستی کردووە، قۆڵی هیمەتی لێ هەڵبماڵن و لێبڕاوانەتر لە هەمیشە، نەبەردی چارەنووسسازی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا، لە دژی سەبەبکاران و خوڵقێنەرانی ئەم هەژاری و نەهامەتیانە، بەرەوپێش ببەن. لەمڕووەوە ئێمە لەسەر پێویستی پەرەسەندنی بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان و پێویستی هاودەنگی و لێکنزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو بزووتنەوانە جەخت دەکەینەوە. بەهێزتربوونی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران، دادخوازان، ژینگە پارێزان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە دەوری کۆمەڵێک داواکاری دیاریکراو، ڕەمزی گەشەکردن و پێشکەوتنی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەیە لە ئێراندا. چونکە لە لایەکەوە بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان، بە هۆی سیاسەتی سەرکوتکردن و وەڵام نەدانەوە بە ویست و داخوازییەکانیان لەلایەن ڕێژیمەوە، بە خێرایی دەبنە بزاڤێکی سیاسی و تەواوەتی ڕێژیم تووشی ئاڵەنگاری دەکەن و لە لایەکی ترەوە، ڕێکخراو و ڕێبەرییەکیش کە زامنی سەرکەوتنی کۆتایین، لە ڕەوتی هەر ئەو خەبات و ناڕەزایەتییانە و لەناو جەرگەی ئەو بزووتنەوانەدا شکڵ دەگرێت

****

# سەرلێشێواوی ستراتێژی، ململانێی باندە حکوومەتییەکان، پێشڕەوی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)

**یەکەم: سەرکەوتنی خەڵک لە بایکۆتی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکاندا:** ڕۆژی هەینی ١٥ی پووشپەڕ، گەڕی دووهەمی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن، یەکێک بوو لە بێ ڕەونەقترین شانۆکانی هەڵبژاردن لە ژیانی ٤٥ ساڵەی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا. لەم پرۆسەیەدا، بە پێی ئەنجامە فەرمییەکان، «مەسعوود پزیشکیان» وەک سەرۆک کۆماری داهاتووی ئێران دەستنیشان کراوە. گومان لەوەدا نییە کە ئاماری واقیعی هەرگیز لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە هیچ بوارێکدا و بە تایبەت لە پرسی هەڵبژاردندا ڕاناگەیەندرێت. واقیعییەتی ڕێژەی بەشداریکردن دەبێ لەو چۆڵی و بێدەنگییەی کە بەسەر ناوەندەکانی دەنگداندا زاڵبوو، ببینرێت، دەبێ لەوەدا ببینرێت کە تەنانەت ئامارە ساختە و دەستکاریکراوەکانیش نەیانتوانیوە ڕێژەی بەشداریکردن لە گەڕی یەکەمدا زیاتر لە ٣٨٪ و لە گەڕی دووەمدا کەمێک زیاتر لەو ڕێژەیە ڕابگەیەنن. تەنانەت ئەو دەنگانەش کە لە بەرژەوەندی کاندیدی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت خرایە سندووقەکانی دەنگدانەوە، ئەگەرچی ئاوێتە بوو لەگەڵ خۆشباوەڕی، بەڵام لە هەمان کاتدا مۆرکی نەفرەت و بێزاری لە خامنەیی و دارودەستەکەی پێوە دیاربوو. ئەوەی لەم شانۆی هەڵبژاردنەدا ڕوونتر بووەوە، بریتی بوو لە کێبڕکێی باڵە بناژۆخوازەکان بۆ کۆنترۆڵی زیاتر بەسەر سەرچاوەکانی دەسەڵات و ئەگەری دوورخستنەوەی ڕکابەرەکانیان. بە تایبەت ئەگەر ئەم کێبڕکێیانە بخەینە چوارچێوەی پرسی جێنشینی خامنەیی و درێژەی تەمەنی حکوومەتی ئیسلامییەوە، ململانێی نێوان باڵی قالیباف و جەلیلی و وەرنەگرتنەوەی کاندیداتۆری و هەروەها کۆدەنگی ئەوان لەسەر کاندیدێکی هاوبەش، ڕوونتر دەبێتەوە. دوای سەرکەوتنی کاندیدی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی لە هەڵبژاردنەکاندا، ناکۆکی و ململانێی ئەوان لە ڕاگەیەنەرەکاندا گەیشتە ئاستێکی بێ وێنە. ئەو هەڵبژاردنە لە بنەڕەتدا ململانێی نێوان باڵەکانی ناو دەسەڵات لە لایەک و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە لایەکی دیکەوە بوو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە حکوومەتی ئیسلامی. هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە سەبارەت بە لەخوارەوەبوونی ڕێژەی بەشداریکردن و دەنگە پووچەکان، نیشانی دەدات کە ئەم شانۆی هەڵبژاردنە، ڕیفراندۆمی «نا»یەکی لێبڕاوانە بوو لە دژی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵانی خەڵک براوەی ئەم گۆڕەپانەن

**دووەم: هاتنە مەیدانی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت بەمەبەستی دەربازکردنی ڕژێم:** سیناریۆی خامنەیی و تاقمی جێگەی متمانەی ناوبراو لەم قۆناغەدا، بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بۆ دەربازکردنی ڕژێم لە گێژاوی ئەو قەیرانانەی کە لە هەموو لایەکەوە بەرۆکیان پێگرتووە. لەم سیناریۆیەدا، ڕیفۆرمخوازان وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ئەو قەیرانانە بەکار دەهێنرێن کە مەترسین لەسەر بوونی ڕێژیم و لە باشترین حاڵەتدا هەمان ڕێچکە دەپێون کە لە ڕابردوودا وەک پێشخزمەتی نیزام پێوابوویان. گومان لەوەدا نییە کە ئەرکی ئەوان کۆمەک کردن بە مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامییە، هەربۆیە هیچ ڕۆڵێکیان لە داڕشتنەوەی داهاتووی سیاسی ئێراندا نابێت. ئەوانەی کە لەم گاڵتەجاڕەدا هیوایان بە پزیشکیان بەستووە و دەنگیان پێداوە، خولی سەرۆکایەتی پزیشکیانیش ئەزموون دەکەن و دەبینن کە ئەو هەژاری و نەهامەتی و ستەم و سەرەڕۆییەی کە ژیانی ئەوانی کردووەتە دۆزەخ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە قووڵ و چارەهەڵنەگرە پێکهاتەییانەی تەواوەتی نیزامی دەسەڵاتدار کە پارێزەری دواکەوتووترین فۆرمەکانی چەوسانەوەی سەرمایەدارییە و بە هێنانە مەیدانی کۆنە بناژۆخوازێک لەژێر ناوی ڕیفۆرمخوازی ئەمڕۆدا، هیچ شتێک لە واقیعە تاڵەکانی ژیانی ئەوان ناگۆڕێت. پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، وەک لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمدا کۆکراوەتەوە، لەسەر بنەمای زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک دامەزراوە. بڕبڕەی پشتی ئەم یاسایە "ئەسڵی وەلایەتی موتڵەقەی فەقی"یە. ئەسڵێکی کە دەسەڵاتێکی موتڵەق دەدات بە وەلی فەقی و سەرجەم ئەو ئۆرگانانەش کە بە ڕواڵەت هەڵدەبژێردرێن، ئۆرگانێکی بێدەسەڵات دەبن کە کاریان تەنها بریتییە لە ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی چەوسێنەر، سەرکوتگەر و جیایی کارانەی دەسەڵاتی ئیسلامی. بەڵام بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پزیشکیان هیچ تەباییەکیان لەگەڵ ئەوەی کە ناوبراو بە کردەوە لەدەستی دێت نابێت، بە تایبەت لە دۆخێکدا کە لە بواری سیاسەتی ناوخۆدا، خامنەیی و دام دەزگای ڕێبەریی، هەر چەشنە پاشەکشەیەکی واقیعی لەسەر بەستێنی ئەو قەیرانە شۆڕشگێڕانەی ئێستا، بە واتای داڕمان و لەناوچوونی نیزام دەزانن. بەم شێوەیە دەوڵەتی پزیشکیان ناچارە سیاسەتەکانی خۆی نەک تەنها لەگەڵ دەزگای وەلایەت و بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات، بەڵکوو دەبێ لەگەڵ پەرلەمانێکی کە بەزۆری پێکهاتووە لە بەرەی پایەدارییەکان و هەروەها لەگەڵ شۆڕای شارەکەیان لە پایتەخت و لەگەڵ دەسەڵاتێکی دادوەری ئیدئۆلۆژیکی پەیرەوی ڕێبەر، هاوتەریب بکات. جگە لەوەش ئاماژەگەلێک لە باڵە جۆراوجۆرە ئاتەش بە ئیختیارەکان، «دەوڵەتی سێبەر» و تاقم و گرووپە ئیدئۆلۆژییەکانی سەر بە بناژۆخوازان بەرچاو دەکەوێت کە پێیان ناوەتە ناو مەیدانی ململانێی دەستبەسەرداگرتنی پۆستەکانی دەسەڵات و هەندێکجار تەنانەت پێملی نەرمی نواندنی قارەمانانەی خامنەییش نابن. کۆی ئەو هۆکارانە، هەلومەرجێکی ئاڵۆز لە داهاتوودا دەخوڵقێنێت، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو واقیعییەتەیە کە بە هاتنەسەرکاری پزیشکیان، نابێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بکرێت، مەگەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەلایەن بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە خوارەوە بەسەر حکوومەتدا بسەپێندرێت

**سێیەم: پاشەکشەکردن لە سیاسەتی دەرەوەدا:** یەکێکی دیکە لەو پرسانەی کە ڕژێمی خستۆتە دۆخێکی هەستیارەوە، بریتییە لە سیاسەتی دەرەوە. لەو بوارەدا کۆمەڵێک ڕاستی حاشا هەڵنەگر بوونیان هەیە کە دەریدەخەن کۆماری ئیسلامی، زۆر دڵخۆش نییە بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیا و چین. دەوڵەتی ڕووسیا لە سووریا بە کردەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل هاوکاری دەکات بەمەبەستی گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی بۆ بردنە دەرەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە. ڕووسیە و چین لە پرسی ئیدیعای سەروەریی بەسەر سێ دوورگەی کەنداودا، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هاودەنگن. ئەگەرچی دەوڵەتی چین بە کەڵک وەرگرتن لە نەوتی هەرزانی کۆماری ئیسلامی، دەستی بە سەرچاوەیەکی داهاتی زۆر و زەوەند گەیشتووە، بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم شاهیدی ئەوەن کە دەوڵەتی چین سەرەڕای بەستنی گرێبەستێکی بیست و پێنج ساڵە، بەرژەوەندی ئابووری و ستراتژیکی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی دەوڵەمەند و خاوەن نەوتی کەنداوی فارس، ناکاتە قوربانی پێوەندییەکی سنووردار لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. ئاشکرایە کە مەسعوود پزیشکیان لەگەڵ جەواد زەریف دەیانویست ئەو پەیامە بۆ جیهان و بەتایبەت دەوڵەتی ئەمریکا و یەکێتی ئورووپا بنێرن کە دەوڵەتەکەی ناوبراو هەوڵدەدات لاپەڕەیەکی نوێ لە کارلێککردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەڵبداتەوە. بەڵام مەسەلەی کۆمەک کردنی ڕژێم بە ڕووسیا لە شەڕی ئۆکراین، پشتیوانیکردنی لە حیزبوڵڵا و بەرەی خۆڕاگریی لە دژی ئیسرائیل و مەترسی تەشەنەسەندنی شەڕ بۆ ناوچەکە لە ئەگەری پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا لە باشووری لوبنان، سیاسەتی گوشاری وڵاتانی ئورووپایی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ناوەکی کۆماری ئیسلامی و هەروەها دۆخی ناڕوونی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، سەرجەم ئەمانە دەستیان داوەتە دەستی یەک و لە کە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی لاوازی سیاسەتی دەرەوەدا لە حاڵی پاشەکشەکردن دایە، پرۆسەی کارلێککردنی، لەگەڵ کێشەیەکی جیددی بەرەوڕوو کردووەتەوە

**چوارەم: ئاسۆی شۆڕش:** پێشهاتەکانی ئەمڕۆی وڵات تەنها لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەزگای وەلایەت و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکار و دادوەریی سەر بەو وەلایەتەدا بەرتەسک نەبۆتەوە. ئەکتەرێکی سەرەکی لە سیاسەتی ئێستای ئێراندا، بریتییە لە حزوور و کاریگەری و هێزی بەردەوام لە ڕوو لە گەشەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»، کە مۆرکی خۆی لەسەر هەموو پێشهاتەکان بەجێدەهێڵێت. لە دوو گەڕی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانە دا، ڕۆڵی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێبەریی «بزووتنەوەی بایکۆتی هەڵبژاردن» و سەپاندنی گۆشەگیرییەکی سیاسی بێوێنە بەسەر دەسەڵاتدا، زۆر بەرچاو بوو. ڕاستییەکی تری حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە پێشهاتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران، لە ژێر کاریگەری سەرکەوتنی «شۆڕشی فەرهەنگیی» کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەسەر بەستێنی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادایە. هاوکات لەگەڵ ئەم «شۆڕشە فەرهەنگییە»دا، بزووتنەوەی چینایەتی ـ داواکاریی تەوەریش بەتەواوی هێزەوە بەرەو پێش دەچێت. هەڵوێستی هەڵسووڕاوانی سنفی لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن و پێداگرییان لەسەر دروشمە داواکاریی تەوەرەکانی وەک پێویستی پێکهێنانی سەندیکا و ڕێکخراوە سنفییە کرێکارییەکان، جەختکردنەوە لەسەر دروشمی ئازادی زیندانیانی سیاسی و ویست و داواکارییەکانی تر، گرنگی و قورسایی بزووتنەوەی داواکاریی تەوەر نیشان دەدات کە دەتوانێت لە کەلێن و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان لە سەرەوە بەمەبەستی گەشە و پەرەسەندنی خۆی، کەڵک وەربگرێت. گوشاری بزووتنەوەکە لە خوارەوە لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی قەیرانەکان لە سەرەوە، کۆمەڵێک ئەگەر و ئیمکانی نوێ دەڕەخسێنێت بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە. ئاشکرایە کە ئەم ئامانجە لە ناو سندووقەکانی دەنگدانی ژێر دەسەڵاتی وەلایەتی فەقی و سپای پاسداران، یان بە پشتبەستن بە سەرۆک کۆمارێکی بناژۆخوازی کە بەشێوەی مەسڵەحەتی بۆتە ڕیفۆرمخواز، بەدی نایەت. بەبێ تێکشکاندنی دام و دەزگاکانی سەرکوت و بەبێ لەکارخستنی پێکهاتەی برۆکراتیکی دەوڵەتی لە ڕێگەی خەباتێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی بەربڵاو و ڕووخاندنی دەسەڵاتی موتڵەقەی وەلایەتی فەقی بە شۆڕشی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵک، ناتوانرێت ڕێگا بۆ پێکهاتنی ناوەندەکانی دەسەڵاتی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا خۆش بکرێت و سەرەنجام دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جەماوەر لەسەر

درێژە لە لاپەڕەی ٩

# درێژەی سەرلێشێواوی ستراتیژی، ململانێی باندە حکوومەتییەکان، پێشڕەوی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە

وێرانەی پێکهاتەکانی ستەم و سەرەڕۆیی مەزهەبی، دابمەزرێت

**پێنجەم: گرنگی بزووتنەوەی داواکاریی تەوەر:** حزووری بەهێزی بزووتنەوەی کرێکاریی، بزووتنەوەی ژنان، خانەنشینان، مامۆستایان، پەرستاران، دادخوازان، داکۆکیکارانی ژینگە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و نەتەوە ستەملێکراوەکان، لە دەوری داخوازییە تایبەتەکانی ئەم بزووتنەوانە و داخوازییە هاوبەش و گشتگیرەکانیان، ڕەمزی سەرەکی ئاراستەکردنی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ئێستای ئێرانە بەگوێرەی بەرژەوەندیی زۆرینەی کۆمەڵگا. جەماوەرێکی کە لەژێر گوشارەکانی بژێوی ژیاندا وەگیان هاتوون، هیچ ڕێگایەکی تریان نییە جگە لەوەی کە پێویستە بۆ دەربازبوون لەو دۆزەخەی کە ڕژێمی ئیسلامی دروستی کردووە، قۆڵی هیمەتی لێ هەڵبماڵن و لێبڕاوانەتر لە هەمیشە، نەبەردی چارەنووسسازی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا، لە دژی سەبەبکاران و خولقێنەرانی ئەم هەژاری و نەهامەتیانە، بەرەوپێش ببەن. بەڵام ڕێژیم لەلایەکەوە نەیتوانیوە وەڵامی ئەو داخوازیانە بداتەوە و هەر خەبات و نارەزایەتییەک لەو پێناوەدا بە توندی سەرکوت دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم تێڕوانینەی ڕێژیم، هەم ویست و داخوازیی بزووتنەوەکان بە سیاسی دەکات و هەم بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان دەکات بە خەباتێکی ڕۆژانە و بەردەوام. خەباتێکی کە ڕێکخراو و ڕێبەریی بزوتنەوەکان لە ناخی خۆیدا شکڵ پێدەدات و پێشمەرجەکانی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگاوە دابین دەکات. دەسەڵاتێکی سیاسی زۆرینە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و بەدوور لە هەر چەشنە ستەم، چەوساندنەوە، هەڵاواردنی چینایەتی، ڕەگەزی و نەتەوایەتی، کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای ئازادییە سیاسییە بێ شەرت و مەرجەکان و دێموکراسییەکی هەمەلایەنە لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگایەکی کە تیایدا گەشە و بەرەوپێشچوونی ئازادانەی هەر تاکێک، مەرجی گەشە و بەرەوپێشچوونی ئازادانەی هەموانە. هەربۆیە گومان لەوەدا نییە کە پێداویستییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنە لە سبەی ڕۆژی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا، لە ڕێگەی ڕێکخستنی قووڵ و بەربڵاوی بزووتنەوەی داواکاریی و لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئەمڕۆدا پێکدێن

**شەشەم: مەترسی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:** کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی غەززە لە لایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە بێ پسانەوە بەردەوامە. ژمارەی کوژراوەکانی ئەم شەڕە نابەرابەرە ٣٨ هەزار کەسی تێپەڕاندووە کە زیاتر لە ١٥ هەزار کەسیان منداڵن. ئەوەی ئەمڕۆ لە غەززە دەگوزەرێت، نەک شەڕێکی دوولایەنە بە مانا ڕاستەقینەکەی، بەڵکوو جینۆسایدێکی بە ئەنقەستە لەلایەن ئەرتەشی فەرمی وڵاتێکەوە بۆ لەناوبردنی خەڵکی فەلەستین. دەوڵەتی ئیسرائیل کە لەژێر گوشاری توندی بیروڕای گشتی جیهان و چین و توێژە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلدایە، بە شێوەیەکی ڕیاکارانە چووتە ناو دانوستانەکانی ئاگربەست و بە کردەوەش بەردەوامە لە کێڵانی کەرتی غەززە و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع. دەوڵەتی ئێستای ئیسرائیل کە مانەوەی بەستراوەتەوە بە شەڕ و پاراستنی باردۆخی شەڕ و ئامادەباشی نیزامی، ئامادەکاری دەکات بۆ شەڕ لەگەڵ حزبوڵلا لە لوبنان پاش کۆتایی شەڕی غەززە. ئەگەرچی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە بەرپاکردنی شەڕێکی بەتەواو مانادا نییە، بەڵام ناکرێت مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێکی لەو شێوەیە کە بێ گومان بەربڵاوتر و وێرانکەرتر دەبێت لە شەڕی غەززە، لەبەرچاو نەگیرێت

**حەوتەم: سەرکەوتنی باڵە چەپەکان لە بریتانیا و فەڕانسە:** هەڵبژاردنی ئینگلستان ڕۆژی چواری ژولای بەڕێوەچوو. لەم هەڵبژاردنەدا پارتی پارێزگاران لەگەڵ گەورەترین شکستی مێژوویی خۆی بەرەوڕوو بووەوە. سیاسەتە نیۆلبڕالی و شکستخواردووەکانی پارتی پارێزگاران کە لە ڕیفراندۆمی ٢٠١٦دا، بەڵێنییە درۆینەکان بووە هۆی چوونەدەرەوەی بریتانیا لە یەکێتی ئورووپا، لەگەڵ بێ بایەخی و پشت تێکردنی بەربڵاوی خەڵک بەرەوڕوو بووەوە. تا ئێستا هیچ کام لە بەڵێنەکانی ئەو پارتە سەبارەت بە چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئورووپا، نەک هەر جێبەجێ نەکراون، بەڵکوو کێشە ئابوورییەکانی بریتانیاش کەمتر نەبووەتەوە، کێشەی کۆچبەران چارەسەر نەکراوە و تەنانەت ئەو ئەمنییەتە پیشەییەش کە بەپێی یاساکانی یەکێتی ئورووپا هاتبووە ئاراوە، لەگۆڕێدا نەما. حیزبی کرێکار کە لەلایەن باڵە ڕاستەکەی یان باڵی «چەپی میانەڕەووە» بەڕێوەدەبرێت، هیچ سیاسەتێکی ڕوونی سەبارەت بە هیچ کام لە پرسە گەرمەکانی هەڵبژاردن نییە. نیولیبڕاڵە دەسەڵاتدارەکانی حیزب، هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکەن کە سۆسیال دێموکراتە ڕاستڕەوەکانی دیکە لە ئاڵمان و سوئێد و وڵاتەکانی تر پەیڕەویان کردووە. سیاسەتێکی کە تا ئێستا نموونە شکستخواردووەکانیمان بەچاو بینیوە و هەر ئەم سیاسەتانەی بەناو «چەپی میانەڕەو» کە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ سیاسەتەکانی «ڕاستی میانەڕەودا نییە». بووەتە باشترین زەمینە بۆ بەهێزبوونی ڕاستی توندڕەو لە هەموو ئەم وڵاتانەدا لەلایەن ئەم بلۆکە بەرواڵەت ڕکابەرەی (چەپ و ڕاستی میانەڕەووە). بەڵام هەر ئەوەی کە ڕای گشتی کۆمەڵگا بەم شێوازە بێ وێنەیە لە حیزبە ڕاستڕەوەکان دوور کەوتووەتەوە، پێشهاتێکی ئەرێنییە کە دەتوانێت زەمینە بۆ سەرهەڵدانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و ئاڵوگۆڕە ئومێدبەخشەکان لە داهاتوودا خۆش بکات

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی گەڕی دووەمی پارلەمانی فەڕانسە، بەرەی هێزە چەپەکان لە ژێر ناوی «بەرەی جەماوەری نوێ»دا زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی فەڕانسەدا بەدەستهێنا. ئەم بەرەی هاوپەیمانییە، پێکهاتووە لە «فەڕانسەی نافەرمان»، حیزبی سۆسیالیست، حیزبی کۆمۆنیست، پارتی سەوز، چەند یەکێتییەکی کرێکاری و ڕێکخراوی جەماوەری و هەروەها چەند گرووپێکی چەپ و ژینگەپارێزی تر. بە ڕاگەیاندنی ئەنجامی یەکەمی گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکان، ئەم بەرەیە توانی بە پێچەوانەی ڕاپرسی و چاوەڕوانییەکان، وەک هێزی یەکەم، زۆرینەیەکی ڕێژەیی، (بەبێ بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکان)ی بەدەستهێنا و گەورەترین و بەهێزترین بلۆکی چەپ لە پارڵەمانی فەڕانسە پێکبهێنێت. ژان لوک ملانشۆن، ڕێبەری «فەڕانسەی نافەرمان» کە هێزی سەرەکی پێکهێنەری «بەرەی جەماوەری نوێ»یە، داوای لە ئیمانوێل ماکرۆن کردووە کە ڕێز لە دەنگی جەماوەر بگرێت و بەرپرسیارێتی پێکهێنانی کابینەی دەوڵەت بەم بەرەیە بسپێرێت. سیاسەتە نیولیبڕالییەکانی بازاڕی ئازاد، کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەژارکردنی بەربڵاو و نائەمنی پیشەیی، کە لەلایەن دەوڵەتە ڕاست و چەپە میانەڕەوەکانەوە یەک لە دوای یەک جێبەجێکراون، بوونەتە هەوێنی لەدایک بوون و بەهێزبوونی ڕاستی توندڕەو لە فەڕانسە. بەڵام ڕاست و چەپی میانەڕەو واتە (دوو باڵی سەرەکی چینی دەسەڵاتدار لە فەڕانسە) بەردەوام ئەگەری سەرهەڵدان و بەهێزبوونی ڕاستی توندڕەویان وەک ئامرازێک بۆ پێکهێنانی بلۆکبەندی و ترساندنی کۆمەڵگا و هەروەها ئاژنکردنی سیاسەتە نیۆلبڕالییەکان و پەراوێز خستنی هەرچی زیاتری چەپ بەمەبەستی پتەوکردنی پێگەی سیاسی خۆیان، بەکارهێناوە. سەرکەوتنی «بەرەی جەماوەری نوێ»، دەریدەخات کە یەکەم، زۆرینەی خەڵکی فەڕانسە نایانەوێت وڵاتەکەیان کە شوێنی لەدایکبوونی شۆڕشەکان و بەتایبەتی دوو شۆڕشی کۆمەڵایەتیی مەزن بووە، بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستە توندڕەوەکان و دووەم، ئەوان بە خستنەڕووی ئەڵتەرناتیڤێک لەبەرامبەر نیۆلیبڕالیزم و قەناعەتپێکردنی بەشێکی زۆر لە کرێکاران و مووچەخۆران بە پێویستی تێپەڕبوون لە نیۆلیبڕالیزم، بەستێنی گەمەی جەمسەرگیری چەپ و ڕاستی میانەڕەویان تێکداوە. «بەرەی جەماوەری نوێ»، ڕایگەیاندووە کە لە ئەگەری پێکهاتنی کابینەکە، بەشێک لە بەرنامەکەی کە ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەو لەخۆ دەگرێت، دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە

مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و یارمەتییەکانی نیشتەجێبوون هەرکامەیان بە ڕێژەی ١٠٪ زیاد دەکات و ژەمە خواردنی نیوەڕۆ و پێداویستی و کەرەستەی گواستنەوەی بێبەرامبەر بۆ قوتابخانەکان دابین دەکات. ئەم هاوپەیمانییە هەروەها دەیەوێت هاوکات لەگەڵ زیادکردنی لانیکەمی حەقدەست بە ڕێژەی لەسەدا ١٤، پێش بە بەرزبوونەوەی نرخی وزە و خۆراکە سەرەکییەکان بگرێت و یارمەتیی ئەو شیرکەتە بچووکانە بدات کە دەیانەوێت خۆیان لە مایەپووچ بوون ڕزگار بکەن. «بەرەی جەماوەری نوێ» هەروەها بەڵێنی داوە کە لە ساڵی ٢٠٢٥وە مامۆستا و کارمەندی تەندروستی زیاتر دابمەزرێنێت و هەزینە گشتیەکان بە بڕی ١٠٠ ملیارد یۆرۆ زیاد بکات. گومان لەوەدا نییە کە چینی سەرمایەداری فەڕانسە ئامادە نییە شکستی سیاسەتەکانی قبووڵ بکات و فەڕانسە لە چەند مانگی داهاتوودا شاهیدی چڕتربوونەوەی خەباتی چینایەتی لە نێوان بلۆکی «بەرەی جەماوەری نوێ» و گرووپ و ڕیزبەندییەکانی دیکەی سەر بە چینی دەسەڵاتدار بەمەبەستی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی چەپ دەبێت




**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێ شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**سێشەممە ٢٣ی پووشپەڕی ١٤٠٣/ ١٣ای ژولای ٢٠٢٤**

****

Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 451-july 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## ویست و داخوازییەکانی چینی کرێکار، لە دووتوێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا دەست ناکەون

ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ، وتووێژێکی حسێن حەبیبی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کانوونی باڵای شۆڕا ئیسلامییەکانی کاری وڵات، لەگەڵ پەیامنێری ئیلنا لە ژێر ناوی «کرێکاران چییان لە پزیشکیان دەوێت؟» بڵاو کرایەوە. ئەم بەناو نوێنەرەی کرێکاران لەم وتووێژەدا هەوڵ دەدات بە هەندێک گشتاندن و دانی وادەی سەر خەرمان، گوشارەکانی خەباتی کرێکاران لەسەر سەرۆک کۆمارە نوێیە دڵخوازەکەی کەم بکاتەوە. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بە گەڕان بەناو بڕگەکانی یاسای بنەڕەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا، بێهودە هەوڵ دەدات ڕێگایەک بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی کرێکاران بدۆزێتەوە. بەڵام داخوازییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی کرێکاران، بابەتی مەرگ و ژیانە و خەبات لەپێناو بەدیهێنانیاندا نابێ بۆ ساتێکیش بکەوێتە دواوە. چینی کرێکاری ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لەپێناو بەدەستهێنانی لانیکەمی ویست و داواکارییەکانیدا خەباتی کردووە و لە هەر شوێنێک ئاڵوگۆڕێکی هەرچەندە کەمیش لە بژێوی ژیان، بارودۆخی کار و یاسا و ڕێساکانی کاردا پێکهاتبێت، بەرهەمی هەوڵ و خەباتی ئەم چینەیە. ئەم خەباتە بە بوونی «پزیشکیان» و بەبێ پزیشکیان»یش هەروا بەردەوام دەبێت. ڕەنگە بتوانین گرنگترین دروشم و داواکارییە سەرەکییەکانی کرێکاران لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە

* ئازادی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی هەڵسووڕاوانی کرێکاری، مامۆستایان و سەرجەم چالاکانی سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی

* ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و مافی مانگرتن وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی «خانەی کارگەر»، «شۆڕا ئیسلامییەکانی کار» و سەرجەم ڕێکخراوەکانی سەر بە حکوومەت لە ناوەندەکانی کاردا

* پێدانی حەقدەستە وەدواکەوتووەکان، دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بەپێی ڕێژەی هەڵاوسان و سەبەتەی بژێوی بنەماڵەیەکی چوار کەسی لە سەرووی هێڵی هەژارییەوە، زیادکردنی حەقدەستەکان هاوتەریب لەگەڵ هەڵاوسان. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوە کرێکارییە ڕاستەقینەکان

* گۆڕینی سەرجەم گرێبەستە پەیمانیی، سپی واژۆ و کاتییەکان، بۆ گرێبەستی کاری هەمیشەیی و هاوکات بەهرەمەند بوون لە بیمە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم شیرکەتە پەیمانکارییەکان

* جێبەجێکردنی تەرحی تەبەقەبەندی کار لە سەرجەم پیشەسازی و ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنان

* هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ١٥ی پڕۆژە یاسای گەشەپێدانی حەوتەم، کە بە جێگیرکردنی «نیزامی وەستا و شاگردی» ڕێگە بە خاوەن بونگا بچووکەکان دەدات بە پێدانی حەقدەستێکی کە لەسەر ویستی خاوەنکار لەسەری ڕێککەوتوون و بەبێ پابەندبوون بە پێدانی حەقی بیمەی بێکاری و خانەنشینی، هەر کەسێکی کە ویستیان، ئەوپەڕی بۆ ماوەی دوو ساڵ دایبمەزرێنن

* بەهرەمەند بوون لە بیمەی بێکاری، خانەنشینی، کەمئەندامی، نەخۆشی، ڕووداوەکانی کار، بێهداشت و دەرمان و دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر و هەمەلایەنە بۆ هەموان

* بە کاڵا نەکردنی بێهداشت و دەرمان، دامەزراندنی سیستەمێکی گشتگیری بێهداشت و دەرمانی گشتی، بێ بەرامبەر و بە کوالێتییەکی یەکسان بۆ هەموان وەک مافێکی شارۆمەندی

* بە کاڵا نەکردنی نیزامی پەروەردە و خوێندنی بێبەرامبەر لە هەموو ئاستەکاندا، بەمەبەستی لابردنی باری قورسی هەزینەکانی سەرچاوەگرتوو لە سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەماڵە کرێکاری و زەحمەتکێشەکان

* دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەمن و گونجاو.

* دابینکردنی ئەمنییەتی شوێنی کار بەمەبەستی پێشگرتن لە ڕووداوەکانی شوێنی کار

* پێدانی حەقدەستی یەکسان بە ژنان و پیاوان لە بەرامبەر کاری یەکساندا

* جێبەجێکردنی ئەو ویست و داواکاریانەی خانەنشینان کە بەردەوام لە نارەزایەتییەکانیاندا هاتۆتە ئاراوە کە بریتین لە: بەرزکردنەوەی حەقدەست و مووچەی خانەنشینی بۆ سەرووی هێڵی هەژاری، جێبەجێکردنی



تەرحی یەکسانکردنی مووچە و حەقدەستی ساڵانی ڕابردووی سەرجەم خانەنشینان، کۆتایی هێنان بە سیاسەتی بەتایبەتی کردنی نیزامی خانەنشینی

* قەدەغەکردنی کاری منداڵانی خوار تەمەنی شانزە ساڵ، قەدەغەکردنی چەوساندنەوە و هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و خراپ بەکارهێنانی منداڵان لە هەر ئاستێکدا، جێبەجێکردنی بێ ئەملاو ئەولای پرسی خوێندنی ئیجباری بۆ هەموو منداڵان و تازەلاوان تا تەمەنی هەژدە ساڵی، قەدەغەکردنی توندوتیژی لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا لە دژی منداڵان، کۆتایی هێنان بە دیاردەی منداڵانی سەر شەقام، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو منداڵان لە هەموو بوارەکانی پەیوەست بە گەشەی جەستەیی و هزری و فەرهەنگی، دارشتنی یاسای پشتیوانی لە منداڵان بە بەشداری ڕێکخراوەکانی دیفاع لە مافی منداڵان

* هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ئایینی و فەرهەنگی لە پرسی دامەزراندن و ماف و بیمە کۆمەڵایەتییەکان. بەرابەری سەرجەم کرێکاران و مووچەخۆرانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و فەرهەنگییەکانی ئێران بە بێ هیچ جیاوازییەک لەسەر بنەمای مافی یەکسان بۆ کاری یەکسان

* کۆتایی هێنان بە کوشتاری کۆڵبەران و سوختبەران لەلایەن هێزەکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە و هەروەها ڕەخساندنی هەلومەرجی کار و دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری بۆیان

* هەڵوەشاندنەوەی هەڵاواردن لە پرسی دامەزراندنی کرێکارانی کۆچبەری دانیشتووی ئێران، پێدانی مافی نیشتەجێبوونی یاسایی پێیان و بەهرەمەند بوون لە یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەبێ جیاوازی و مافی خوێندن بۆ منداڵەکانیان لە هەموو ئاستەکاندا

* هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا، دوو ڕۆژ پشوو لە هەفتەیەکدا و سی ڕۆژ مەرەخەسی ساڵانە بە حەقدەستەوە بۆ سەرجەم کرێکاران و مووچەخۆران

جێبەجێکردنی ئەم لانیکەمی گۆڕانکاریانە بەمەبەستی پێشگرتن لە وێرانبوونی باری دەروونی و جەستەیی چینی کرێکار، پرسێکی بەپەلە و هەنووکەییە. هاوکات وەدیهاتنی ئەو داواکاریانە، زەمینە بۆ لێکهەڵپێکرانی خەباتی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار لەگەڵ سەرجەم بزووتنەوە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازەکان دەڕەخسێنێ و لێکهەڵپێکرانی خەبات لەپێناو ئازادی و خەبات لەپێناو ناندا، چینی کرێکار دەکات بە هەوێنی یەکگرتوویی زۆبەی هەرەزۆری جەماوەر. لە وەها پرۆسەیەکدایە کە هێزە پێشڕەوەکانی کۆمەڵگا بە خەباتێکی هاوبەش دەتوانن بگەن بە ئامانجی کۆتایی خۆیان، واتە دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە تێیدا ئازادی و بەرابەری و خۆشگوزەرانی گشتی، جێگەی کۆیلایەتی و نادادپەروەری و بێبەشی بگرێتەوە و دەرفەتی یەکسان بۆ گەشە و پشکوتنی توانایی و لێهاتووییەکانی ئینسان، بڕەخسێت. کۆمەڵگایەک کە تێیدا هەر کەس بە ئەندازەی توانایی خۆی کار بکات و بە ئەندازەی پێداویستییەکانی لە ئیمکاناتی ژیان بەهرەمەند بێت. جگە لەوە، هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ ڕزگاربوون لە بەربەرییەتی سەرمایە و ستمکارە ڕەنگاوڕەنگەکانی پشتیوانی، بوونی نییە

****

دواستون

## لاوان و بێکاری

بێکاری بەشێکی جیانەکراوەی نیزامی سەرمایەدارییە. هێزی کار لەو نیزامەدا کالایەکە کە وەک هەر کالایەکی تر، هەرچی بوونی لە بازاڕدا زیاتر بێت، نرخەکەی هەرزانتر دەبێت و ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە سەرمایەداران وەک کڕیارانی هێزی کار، بەشوێنیەوەن. کەڵەکە بوونی سەرمایە بەرهەمی هێزی کارە و هەرچی هێزی کار هەرزانتر بێت، سودئاوەری سەرمایە زیاتر و کەڵەکە بوونیشی خێراتر و قەبەتر دەبێت. بۆ کۆماری ئیسلامیش وەک دژی خەڵکی ترین ڕژیمی سەرمایەداری لە جۆری خۆیدا، بوونی لەشکرێکی گەورەی بێکاران، ئیمکانی بە هەرزانتر کڕینی هێزی کاریان بۆ فەراهەم دەکات. سەرمایەداران دەست لەنێو دەستی دەوڵەت هەوڵ ئەدەن بە شێوەی جۆراو جۆر ڕێژەی بێکاری لە ئاستێکی دیاریکراودا ڕابگرن. ئەگەر نیگەرانی لە پەرە سەندنی خەسارە کۆمەڵایەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە بێکاری و نیگەرانی لە گوشاری خەباتی کۆمەڵایەتی نەبوایە، سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان، بەبێ پرینگانەوە ئەم دیاردەیان دەخستە خزمەت زێدە خوازی و تەماعی لەبن نەهاتویانەوە. بەڵام ئاشکرایە کە چینی کرێکار کۆیلەی بێ ئیرادەی قازانج پەرستی ئەوان نییە. تا ئێستاش لە وڵاتانی پێشکەوتوی سەرمایەداری خەباتی چینی کرێکار هێندێک ئاستەنگی خستوەتە سەر ڕێگای ئەم قازانج پەرستیە. وەک نمونە ئەم خەباتە سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیانی ناچار کردوە کە بیمەی بێکاری بدەن بە کرێکارانی بێکار.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بێکاری لە ئێران بوونی خێڵی گەورەی بێکارانی تەحسیلکەردەی دانشگاهی و دەبیرستانییە. لاوان زیاتر لە نێوان تەمەنەکانی ١٥ تا ٣٠ ساڵیدا یەک لەسەر سێی جەمعیەت و ڕەقەمێکی نزیک لە ٣٠ تا ٣٥ ملیۆنی پێکدێنن. ئەگەرچی دانی ئامار لە لایەن ئۆرگان و ناوەندەکانی ڕژیمی ئیسلامیەوە، بە تایبەت لەوێدا کە بە دانی وێنەیەکی روون لە مەسایلی و موشکلات و ئەو کێشە و گرفتانەی کە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ژیانی خۆیاندا لە ژێر حاکمیەتی ئەم ڕژیمەدا لەگەڵی دەستەو یەخەن، بەرپرسانی دەوڵەتی وادار دەکات کە هەر جار ناجارێک گۆشەیەک لە ڕاستیەکان بۆ شاردەنەوەی هەموو واقعیەتە تاڵەکانی ژیان لە ئێران ئاشکرا بکەن. دانی ئامار لە پێوەند لەگەڵ گرفتی بێکاری لەنێو لاواندا لەو دەستەیە

بە پێی ئەو ئامارانەش بێ زیاتر لە ٣٥ لەسەدی لاوانی ئێرانی دەرچوی زانکۆکان بێکارن. بەڵام ئەوەی کە خەڵک لە ژیانی خۆیدا و لە کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا دەژی، دیبینێ و هەستی پێ دەکات، نیشانی ئەدات کە نرخی بێکاری بۆ لاوان چەندین قات زیاترە لە نرخی بێکاری ڕاگەیەندراو.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ستانداردی ئامار گیریەکانی ئێراندا، کەسێک بە بێکار دەزانن کە لە حەفتەی کاتی ئامارگەتندا بێکارە و لە ٣ حەفتە بەرلەویشەوە بەدوای کارەوە بوبێت. بە پێی ئەم تەعریفە، کەسێکی کە لە ماوەی حەفتەیەکدا لانیکەم یەک کاتژمێر کار بکات، وەک شاغڵ دەناسرێ. ئەم تەعریفە بەڵام لەگەڵ پێوانە جیهانیەکانی کار نایەتەوە. بەپێی فۆرمولی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئامارگرانی هێزی کار، فەردی شاغڵ بە کەسێک دەڵێن کە لانیکەم یەک لەسەر سێی کاتژمێری کاریی مەرسومی وڵات لە سەردەمی جێی سرنجدا کاری کردبێت. بەم پێیە، کەسێک لە ئێراندا دەبێتە شاغڵ کە لانیکەم ١٤ کاتژمێر لە حەفتەیەکدا کار بکات

کار و ئەمنیەتی شوغلی، یان بیمەی بێکاری کافی، داواکاری و مافی بێ ئەملاو ئەولای هەموو کرێکارانی شاغڵ و بێکار و لاوانی خوازیاری کارە. بەڵام ئەم مافە بە خەباتێکی ڕێکخراو و هەڵبەت تەنیا بە وەڕێخستنی بزوتنەوەیەک لە دژی بێکاری دەستەبەر دەبێت.. هێزی ئامادەی ئەم بزوتنەوەیە نە تەنیا خێڵی ملیۆنی کرێکارانی بێکار، بەڵکو بەملیۆن کرێکاری شاغڵ و ئەو بنەماڵە کرێکاریانەش کە دێوەزمەی بێکاری ئەمنیەتی پیشەیی لێ زەوت کردون دەگرێتەوە. بزوتنەوەیەک کە بە هۆی درێژەی قەیرانی ئابووری، پەرەسەندنی بێکارسازیەکان و داواکاریە هاوبەشەکان، دەتوانێ بەخێرایی جەماوەری بێتەوە و بەهێز بێت.

بەرەو پێش بردنی ئەم خەباتە و گەشە پێدانی تا ئاستی بزوتنەوەیەکی جەماوەری، پێویستی بە هاوپشتی هەڵسوڕاوان، تۆڕ و مەحفەلە وشیارەکانی لە ئارادان لە بزوتنەوەی کرێکاری ئێراندا هەیە. خێڵی بەرینی بێکاران و ئاگادار بوون لەسەر مەترسیەکانی ئەو ئازارە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کەمینی بێکاران و بنەماڵەکانیاندان، زەرفیەتە باڵاکانی نارەزایەتی، بە تایبەت لەنێو توێژی تەحسیلکەردەی بێکاراندا، کە هەموو ئاواتەکانیان بە فیرۆ چوو دەبینن، بەدی هێناوە. شکڵ گرتنی وشیارانە و هەنگاو بەهەنگاوی ئەم نارەزایەتیانە لە هەمانکاتدا بەستێنی پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان کرێکاران دەبێت

****